# دەمەتەقێ

خاڵەبەکر

گوڵم..لەوئەستێرە یاخیەخزاوەی نێو ئامێزی مانگ شەنگتر..بزە بەخش بەدڵ و دەروونی عاشقان کەلەناخی پرناسۆریانەوە گۆرانی شۆخ و شەنگیت بۆ دەچرن..!

گوڵم..باخچەکەت مەملەکەتێکی هێمن و پرئاسودەییە جێ ژوانی ئاڵو گۆری نوێترین ووشەی خۆشەویستیە..گوڵم..جگەلەلێوە پاراوە هەمیشەییەکانی هەنگ و پەپوولە کە لەو دەمەدا بەبێ رەقیب لێوی پر شیلەو گوڵاوت دەمژێت وتاسەی عیشق و خۆسەویستی لەناخی خۆیاندا حەشار نادەن و بێ باکانە دەیهاویژنە نێو پریاسکەی دێرینی خەج و سیامەند و زین و خەزاڵ و لاس و خەزێم و لەیلا و مەجنون وخورشید و خاوەرەوە..!گوڵە گیان..ئەمە بەمەرجێ کەڵە مێردانی لە گوڵ و عیشق نەگەیشتوو شوێنەوارت وەك ئازادی و ماف و سەربەستی هەلا هەلا نەکەن..نازانم گەر بیرت بێت زۆر دەمێکە وتوومە ..!خۆ من گوڵێکی نێو پەنجەکانی مناڵێکم ترس و لەرز لێم نیشتووە نازانم چۆن مانای بۆنی تێگەیێنم ..گوڵە گیان..منداڵ لە کەڵەمێردەکانی تر جیاواز ترە بوغزو کینەکەشی وەك دەرونی خاوێنە ..هەڵیشت پروکێنێتلە بەر خاتری هەنگ و پەپوولە سەدان گوڵی تر دەپشکوێ.گوڵە گان..! گوڵ و منداڵ هەر وەك و ئەو دوو مەمکە وان کە لە باخچەی سینەدان.. هەمیشە بەر یەك دەکەون و ململانێیانە بێ ئەوەی لە یەکتریش زویر بن ..هیچ کامێکیشیان روو ناکەنە هیچ دەستێك و پێی بڵێن هەڵگلۆفین وبۆن کردنی من پێش بخە..!

سەرسامیش مەبە هەر بە گوڵ وگوڵە لێوانم بەرامبەرت لە یەکتری دەترازێنم.. چونکە گوڵ لە گشت ئان و ساتێکدا هەیە.. هەر بستە ئەردێکی ئەم گەردونە بە پێدەشت و دۆڵ و چیاشەوە تەی بکەیت و خێوەتی خۆشەویستی لێ هەڵ بدەیت لە گوڵ بە دەر نیە ..! تەنها داخی گرانم بۆ گوڵە نێرگس... سروشت هێندە فێڵ بازو زۆرزانە دەیەوێت هەر بەو قەشەنگی و جوانیە بمێنێتەوە و خۆی بنوێنێت و تەمەنی درێژی نەداتێ تاوەکو هەر بە شاگوڵی هەموو ساڵێك مژدەی ساڵی نوێمان بۆ بهێنێت ..دەنا گوڵەکانی تر هەر یەکەو لە وەرزی خۆیدا تەمەن درێژن .. سەرەرای ئەو گوڵە هەمیشەییانەی کە ناویان گوڵە چوار وەرزەیە .

گوڵ هەر گوڵە..! هەر گوڵە لە وەرزی خۆیدا شاگوڵی دڵ و سەرزەمینن. هەر یەکەشیان مژدەبەخشی نوێ بوونەوەی خەندای لێو و چاوانن .. تەنانەت ئەو گوڵە نایلۆنانەش کە عەرشی ژوورەکەتیان داگیر کردوە و رۆژانە هەوری دەستەکانت دەهێنی بە سەریاناو بە نیگای چاوەکانت ئاویان ئەدەیت..!

* * *

bakeramin@hotmail,com